# ڕێبواری حیکمه تی ، ئه م بێ حیکمه تییه ی بۆ کرد ؟!

ئه رده لان عه بدوللا

له م چڕه تاریکستان و جه نگه ڵستانه دا ، که هه موو چراکانی گۆڕان و پێشکه وتنی کۆمه ڵگای کوردی ته واو خامۆش و کزبوون . له م هه راجخانه ی حیزبایه تییه دا، له م سه ده ی ئیفلاس بوونی رۆشنبیرو ئه ده بیه دا ، تاکه تروسکایه ک که نه ختێک هیوام پێێ بووبێت ، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو. هیچ کات به ته مای حیزبه مووچه خۆره کان نه بووم ، که مانگانه بۆ مووچه کانیان شه ڕیانه .حیزبی شیۆعی ماوه یه کی زۆره ،له ته نانێک ،مدیری پۆلیسخانه یه ک ، کورسیه کی په رله مان . گه وره ترین کارو ئامانجیه تی . جا له به ر ئه وه به ناچاری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ، بوو به تاکه هیوامان . لێ به داخه وه ئه وانیش به ر هه ڵمه تی بیری سه قه تی سه رده م که وتن. پێش چه ند رۆژێک (حکک) به یاننامه یه کی ده رکرد( که چاومانی کوێر کرد) . تێیدا ئیعلانی ته سلیم بوونی خۆی راگه یاند .پاشان ڕێبوارئه حمه دیش(بۆ ئه وه ی گوێشمان که ڕبکات و خۆی کرده بابانوێڵ و ئه م دیاریه ی بۆ بینه ران هێنابوو!) له رادیۆی هاوپشتی هه مان قسه ی دووپاتکرده وه. حوجه که شیان ئه وه یه،گوایه با یه کێتی نه ڵێت ئه م خۆپیشاندان و راپه ڕینانه ، ده ستی حیزبی کۆمۆنیستی تێدایه !.نازانم ئه مه که ی حوجه یه ئێوه باسی لێوه ده که ن. ئێوه بۆ ده ترسن له و قسانه ؟! خۆ کۆمۆنیسته کان خه ڵکی جاش و پیاوکوژیان له خۆ نه گرتووه. ئه و خه ڵکه ش که دێته سه ر جاده،خائین و به عسی نین . به ڵکه خه ڵکی هه ژار و ره نجبه ری کورده و داوای ماڤی ره وای خۆی ده کات . ئیتر من بۆ بترسم ؟!
پاشان ئێوه ده بێت رابه ری جه ماوه ری زه حمه تکێشی خه ڵکی بکه ن ،نه ک له م کاته دا
که خه ڵکی پێویستی به رابه رایه تی شۆرشگێری هه یه ،حیزبتان خۆی لێ بدزێته وه .
له و کاته ی که هه موو خه ڵکی کوردستان باسی شۆرش و راپه ڕین ده که ن ، ئه م براده رانه ش ئیعلانی ته سلیم بوون ده که ن . به ڕاستی (حکک) هیچ حوجه یه کی مه نتیقی و زانستی پێ نییه بۆ ئه م بریاره ی که داویه تی . ئه مه تاوانه تۆ له م کاته دا ،واز له ململانێی خۆت بهێنیت . له و کاته ی که جه ماوه ر هه موو خرۆشاوون، رۆژانه خه ڵکی ده رژێنه ناو شه قام و گۆره پانه کان ، چۆن ده بێت شتی وا بکه ن ؟! . له و کاته ی که پارتی و یه کێتی له خه ڵکی ده پاڕێنه وه بۆ ئه وه ی ده نگیان پێبده ن،ئێوه ش هه روا به ئاسانی خه ڵکی سارد ده که نه وه؟!
به ڕاستی من بۆنی ( سه فقه یه ک !) ده که م ، له کانگای دڵمه وه هیوادارم که وا نه بێت .
له کۆتایدا من پێشنیار ده که م :

1/ به په له له و بریاره ی داوتانه په شیمان ببنه وه و داوای لی بوردن بکه ن . ئه و کاته ش خه ڵکی پێ ده چێت گوێ بۆ ئه و بڕ یاره ی پێشووتان نه گرێت .چونکه گه ر وانه که ن هێنده ی تر خه ڵکیتان لێ دوورده که وێته وه و ئیحتمالی ئینشقاقێکی تر ناده ن به ده سته وه .

2 / ڕێبوار ئه حمه د ، ماوه ی 15 ساڵه سه رۆکی ئه م حیزبه یه . هه ر بۆ یه باشتره گۆنگره ی نوێ ببه ستن و سه رۆک و سه رکردایه تی نوێ دابنێن . چونکه نابێت ئێوه به یه کێتی و پارتی بڵێن دیکتاتۆرو خۆشتان پێڕه‌وی دیمۆکراتی حیزبی نه بن .

من هیوادارم حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری  هێندە گوێ  بۆ حیکمە تە کانی مە نسوور نە گرێت .
ئێمە ناڵێین کابرا هیچی پێ نە بوو.لێ بە م شێوە یە ی ئێوە ش،زە رە ر بە خۆتان وبزووتنە وە ی
کۆمۆنیستی دە گە یە نن . هیوادارم کە هە وڵی دۆزینە وە ی رێگای تایبە تی خۆتان بدە ن .

ئە ڵمانیا / مانهایم